# ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: ڕاپۆرتی وەڵامدانەوەی موسڵ #٤

## ٧ - ٢٠ تشرینی یەکەم ٢٠١٦




٩٠٠ خێزان لە قەزای موسڵ ڕایانکردووە بۆ باشوری گەیارە لە نێوان ١٧-٢٠ی تشرینی یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەکو یەکێك لە یەکەمین ئاژانسەکانە شمەکی ناخۆراکی زستانە بە سەر خەڵکانی تازە ئاوارەکان دابەشکرد.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ١،٧٤٥ ئاوارەی لە دبس بۆ خاڵی پشکنینی مەکتەب خالد/ سەنتەری پشکنینی بۆ کامپەکانی کەرکوك گواستەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٣،٤٢٠ ئاوارەی دەست نیشان کردووە کە گەڕاونەتەوە بۆ شەرگات.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢١،٧٦٨ خەڵکی ئاوارەی دەسنیشان کردووە لە حەویجە بۆ کەرکوك لە سەرەتای مانگی ئابەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ئەوەی دەستنیشان کردووە کە پارێزگای سەلاحەددین چڕبوونەوەیەکی بەرز لە ژمارەی ئاوارەکان بەخۆوە دەبینێت

## وەڵامدانەوەی IOM

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ وەڵامدانەوەی هەیە بۆ تەنگژەی ئاوارەبوونی خەڵکی عێراق بەهۆی کردە سەربازییەکان بۆ گرتنەوەی ڕێڕەوی موسڵ کە لە ١٦ی حوزەیران دەستی پێ کرد.

لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا
لە ١٦ حوزەیرانی ٢٠١٦ەوە

### ئاوارە دەستنیشان کراون*

١٢،٧٣٨
٨٣،٤١٢

### ڕاوێژی تەندروستی پێشکەش کراوە

٧،٣٠٩
٤٤،١٣٣

### ئاوارە گواستراونەتەوە٥٥٥٤

١،٧٤٥
١٣،١٣٧

### بەشە شمەکی ناخۆراکی دابەش کراوە

٨٥٠
١١،٤٦٥

٤ شوێن دەستنیشان کراون بۆ ناوچەی فریاکەوتن

*ئەم ژمارانە لە تۆماری بەدواداچوونی ئاواران (بەدواداچوونی لەناکاو) سەر بە ڕێکخراوی نێدەولەتیی کۆچ وەرگیراون کە رووماڵی ئاوارەبوون دەکات لە ٢٠١٦ لە ڕێڕەوی موسڵ کە پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و کەرکوك دەگرێتەوە. تاکۆتایی ماوەی ئەم ڕاپۆرتە.



دابەشکردنی شمەکی ناخۆراکی لەژێر سێبەری دووکەڵێکی چڕی ڕەش، لەئەنجامی سووتاندنی بیرە نەوتەکان لەلایەن داشەوە. ©جێنی سپارکس\ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ٢٠١٦



قەیارە. ©جێنی سپارکس\ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠١٦



ئەحمەد قسە لەگەڵ ستافی وەڵامدانەوەی خێرا دەکات کە هەڵسەنگاندینان بۆ پێویستییەکانی ئاوارەکان دەکرد لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی وەلوو ئەلهود. ©جێنی سپارکس\ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ٢٠١٦

## دۆخی کۆچکردن: موسڵ

- ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ١٧ی تشرینی یەکەم دەستیپێکرد بۆ گەڕاندنەوەی موسڵ لە دەستی داعش. لە کاتێکدا ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر چاوەڕواندەکرێت لە ماوەی بە دواهاتنی ئۆپەرسیۆنەکاندا، کە هیشتا ئاوارەبوونی دانیشتوانێکی زۆر نەبینراوە.
- لە ٢٠ی تشرینی یەکەم، ٥،٤٠٠ تاکەکەس ئاوارەبوون لە قەزای موسڵ، وە زۆربەیان بەرەو ناحیەی گەیارە ڕۆیشتون، لە پارێزگای موسڵ.
- ئاماری تۆماری بە دواداچونی ئاوارەکان لە نەینەوا، سەڵاحەددین، پارێزگای حەویجە، کەوا ژمارەی سەرجەمن، ئەوە نیشان دەدات سەرجەمی ژمارەی ئاوارەکان لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سەرەتای ١٦ی حوزەیران ژمارەیان نزیکەی ١١٦،٠٠٠ تاکەکەسە. لە کاتی دەستپێکردنی چاودێریکردن لە ١٧ی تشرینی یەکەم، تۆماری بە دواداچوونی ئاوارەکان زیادبونی بەردەوامی لە ژمارەی ئاوارەکان دەستنیشان کردووە لە قەزای حەویجە، کە تا ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.




- جموجۆڵی دانیشتوان هەروەها لە ئەلهود و گەیارە دەستنیشان کراوە. ئەو ئاوارە تازانەی کەوا کەفالەت کراون لە شارۆچکە لەگەڵ کۆمەڵگە خانەخوێکان و تێکەڵ کراون وە کامپەکان دەستیان کردووە بە وەرگرتنی ئەو ئاوارانەی کەوا کەفالەتی پێویستیان نیە بۆ ئەوەی لە شارۆچکەکە بژین
- لەگەڵ پێشکەوتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان، ئاوارە بوون لە سەرووتر بینراون لە باکور.

## وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

### شمەکی ناخۆراکی

شمەکی ناخۆراکی زستانە دابەشکراوە بەسەر٣٥٠ خێزان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە سەنتەری قەیارە نەینەوا. شمەکی ناخۆراکی بە سەر ٥٠٠ خێزانی ئاوارە دابەشکراوە لە تکریت، سەڵاحەددین.

### پاڵپشتی تەندروستی

ڕاوێژی سەرەتایی تەندروستی پێشکەش کراوە بۆ ٧،٣٠٩ ئاوارەکان لە کامپی دیبەگە، سەڵاحەددین، کەرکوك و سەنتەری تەندروستی ڕەبیعە. ١،٤٠٤ ئاوارە پشکنینی تەندروستیان وەرگرتوە.

### گواستنەوە

١.٧٤٥ ئاوارە گوازراونەتەوە لە مەرکەزی دبس و مەکتەب خالد بۆ کامپەکان لە کەرکوك بۆ کامپی داقوق لە کەرکوك.

### ناوچەی فریاکەوتن

لە ١٧ی تشرینی یەکەم، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هەڵسەنگاندی هاوبەشی ئەنجامدا لە حاجی عەلی، وە شیکاری تەکنیکی و ڕاپرسی سەرەتایی ناوچەیی بۆ ناچە سەرەکیەکانی ناوچەی فریاکەوتن کرد. پلانی سەرەتایی ناوچەی فریاکەوتن بۆ حاجی عەلی بەرەو پێشبردراوە بۆ لە خۆگرتنی ٧،٥٠٠ خێزان.

لە ١٩ی تشرینی یەکەم، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هەڵسەنگاندی هاوبەشی نێردەیی ئەنجامدا بۆ شوێنی نیشتگەی فڕۆکەی قەیارە بۆ دڵنیابوون لە بەرەوپێشچوونی نەهێشتنی مین، وە لە خۆگرتنی کۆبوونەوەی بیناسازی پێشوەختە/ ڕێکخستنەوەی سایت لە شوێنەکە.
ئەندازیاران و بەڵێندەرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ گفتوگۆی خشتەی کاری بەدواداچوونی خێرایان کرد.

### ڕاهێنان

ڕاهێنانی پاراستن و دابەشکردنی شمەکی ناخۆراکی ئەنجامدرا بۆ کارمەندە نوێکانی وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ناوچە ستراتیژیەکان. لە نێو کارمەندە نوێکان ئاوارەکان هەن بۆ دروستکردنی دەرفەتی گوزەرانی بۆ خێزانە ئاوارەکان.

## دەنگی ئاوارەکان

”ژیان لە ژێردەستی داعش، ئێمە لە تاریکی بووین. ئێستا ئێمە ئازادین، لە ڕووناکی دەژین، ئێستا ئێوەی ئافرەتان دەبینین، لە دەوروبەر هاتوچۆ دەکەن، لە بڕی تەنها مانەوە لە چێشتخانەی ماڵ _ بەمە دەزانین ئێمە ئازادین.

لە ژێردەستی داعش هیچ شتێکمان نەبوو. بێ خواردن، بێ جلوبەرگ، بێ هیچ شتێك. داعش شتەکانی برد. بەڵام ئێمە گۆرانکاریەکی ناکاو دەبینین _ ئێوە شتمان بۆ دەهێنن بۆ یارمەتیدانی ئێمە. گوندەکەی ئێمە دوێنێ ڕزگار کرا. خێزانەکەم نەخۆشی تەنگەنەفەسی هەیە وە ئەو لەبارێکی زۆر خراپدایە ناتوانێت هەناسە بدات لە بەر دووکەڵی سووتانی بیرە نەوتەکان.

هیچ شتێکمان نەماوە. تەنها ئەوە نەبێت کە بە کۆڵمانەوەیە. بۆیە ئەم خزمەتگوزاریە بە سوودە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی کاتی شەو سارد دەبێت“

لە ١٩ی تشرینی یەکەم، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ شمەکی ناخۆراکی زستانەی دابەشکردووە بەسەر ١٥٠ خێزانی ئاوارە لە گوندی ئەلهود. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یەکەم ئاژانسە بۆ گەیاندنی شمەکی ناخۆراکی بە خەڵکی خۆجێی کە دابینکراوە لەلایەن پاڵپشتی بەخشندەی نوسینگەی هاریکاری کارەساتی بیانی.